## نامەی سەرئاوەڵا

# نارەزایەتی فیلمسازی گەورەی کورد بەهمەنی قوبادی لە بەرامبەر کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی

و:تاهیر قاسمی

بەهمەنی قوبادی، گەورە سینەماکاری کورد، سەبارەت بە رێگەنەدان بە بڵاو کردنەوە و پیشاندانی فیلمی "نیوەی مانگ" نارەزایەتی دەربڕیوە و لە نامەیەکی سەرئاوەڵادا بۆ ماڵپەری ئیسنا، کۆمەڵێک بابەتی وروژاندووە.

لە مایلەکەی قوبادیدا هاتووە؛

ماوەیەک لەوە پێش، بەوپەری بێباوەری، هەواڵێکم لە سەر یەکێک لە ماڵپەرە سینەماییەکاندا خوێندەوە کە لەودا وتەبێژی جێگری بەشی سینەمای وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی رایگەیاندووە کە: "لە هەلومەرجی ئێستادا و بە هۆی زۆر هۆکاری یاسایی، چێکردنی هەر جۆرە فیلمێک لە لایەن بەهمەن قوبادی‌یەوە لە ناو چوارچێوەی کاری ئیدارەی گشتیی دۆزینەوەی بەهاکان و چاوەدێری سینەمای زانستی ئەو جێگرایەتیەدا نییە."

لە سەرەتادا من بڕوام بەو نامەیە نەکرد بە تایبەت کاتێک کە دیتم ناورەوۆکی نامەکەی وتەبێژی جێگرایەتی سینەما، بە ئارمی کۆماری ئیسلامی و نیشانی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی‌یەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەوەندەی لە بیرم بێ لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەوە دەبێ یەکەم جار بێ کە بە شێوەی رەسمی و بە نوسراو، جیگری بەشی سینما، رادەگەیەنی کە ئیزنی کارکردن لە دەرهێنەرێکی ئێرانی و نیونەتەوەیی دوای شۆڕش دەستیندرێتەوە.

بە لەخۆبوردووییەوە چاوەروان بووم تا راستی گرفتەکە ببینم و بزانم ئەو بڕیارە بەکوێ دەگا. لە دەفتەری کارەکەمەوە پێوەندیم بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی نامەکە گرت و وتیان ئەو باسەی کە بڵاو کراوەتەوە، فڕی بە راستیەوە نییە؛ یاساخ کردنی تێکۆشانی من تەنیا تێگەیشتنێکی بەهەڵەی هەواڵی ناوەرۆکی نامەکەیە و راگرتنی حورمەتی من بۆ جێگری بەشی سینەما، گرینگایەتیەکی تەواوی هەیە. بەڵام وڵامی نامەی شوینی کارەکەم کە لەودا خوازیاری ئەوە بوو تا جیگری بەشی سینەما بۆ کۆتاییهێنان بە –بەرواڵەت– دەنگۆکان و بەرگری لە بڵاوبوونەوەی ئەو خراپ تێگەیشتنەی کە بۆخۆیان پەرەیان پێداوە، بە فەرمی، بەربەستکردنی تێکۆشانی من لە لایەن ئیدارەی دۆزینەوەی بەهاکان و چاوەدیری وەدرۆ بخاتەوە، بێ وڵام مایەوە. ئەوە یانی بە قسە شتێک دەگوترێ و لە کردەوەدا شێوازێکیتر رەچاو دەکرێ؛ کە لە مانای سەرەکیدا دانانان بەو بەرواڵەت خراپ تێگەیشتنەیە. واتە من ئیزنی تێکۆشانم نییە."

ئێستا کە قۆناخەکانی دوا بەرهەمم "نیوەی مانگ"، لە سەرەتای فیلمهەڵگرتنەوەرا تا ئەمڕۆ دێنمە بەرچاو، بە دڵنیاییەکی پتر لە جاران، بۆم روون دەبێتەوە کە هیچکام لەو گرفتانەی دەهاتنە سەر رێم، بەهەڵکەوت نەبوون. کاتێک بە شێوەی نافەرمی پێم گوترا کە باشترە بە زمانی کوردی فیلم چێنەکەم، هەستم بە کۆمەڵێک گرفت کرد کە بەرهەمی جۆرە روانگەیەکی فەرمانپێدەر بوون و نەدانی نیگەتیڤی ئەو کامیرایانەیان لێکەوتەوە کە لە عەمباردا تۆزیان لێنیشتبوو. من ئەگەر لەو رووداوانەی پێشتریش خۆش بم، کۆمەڵە رووداوێک کە ئێستا خەریکن بخوڵقێن، بەهیچ جۆر بۆ لێبوردن نابن. چەندین مانگە کە ئیدارەی جاوەدیری، بە بیانووی بێبنەما لە دانی ئیجازەی

پیشاندانی "نیوەی مانگ" خۆی دەدزێتەوە. چەند جار فیلمەکەم کورت کردۆتەوە تا ئاغاکان پەسەندی بکەن، و وێنەکانی کورتکراوەی فیلمەکە لە بەردەست دان. بەڵام هەموو جارێ چەندین حەوتوو درێژەی کێشاوە تا وڵامێک وەربگرمەوە و دوای هەر وڵامێکیش ئەو سووڕانەوەیە دوپاتکراوەتەوە. پتر لە سێ مانگە، لە پێدانی ئیزنی بڵاوبوونەوە بە فیلمە تازەکەم، کە بەهەڵکەوت هیچ پێوەندیەکیشی بە کوردەوە نییە و لە جەرگەی شاری تاراندا ساز کراوە، خۆدەدزنەوە. روونە کە ئەوە رەوتێکی لە پێشدا دارێژراوە کە قسەوباسی ئەکتەری بەر لە شۆرش و هێنانە گۆڕی چەند جارەی ئەو باسە، لە کاتێکدا بە ئاشکرا وەدرۆم خستۆتەوە و بوونی ئەوم لە فیلمێکی ئێرانیدا، بە وەرگرتنی ئیجازە لە ئیدارەی چاوەدێریەوە بەستۆتەوە، تەنیا بیانوویەک بۆ ئەوانەیە کە دەیانەوێ بیرورای جیاواز سەرکوت بکەن.

ئەگەرچی ئەوە بە مافی خۆمی دەزانم کە لە کاتی دابین نەبوونی بارودۆخی چێکردنی فیلم لە ئێران، وەها فیلمێک بە بوونی ئەکتەری پەسەندکراوی خۆم، لە هەر وڵاتێکدا کە پێم باش بێ، چێبکەم.

بۆ فیلمەکەی ئەم دواییەم، "نیوەی مانگ". لە لایەن ئیدارەی چاوەدێری جێگرایەتی لە بواری سینەماوە بە جیاییخوازی تاوانبار کراوم لە کاتێکدا هەردەم ئەو تاوانەم رەت کردۆتەوە و خۆم بە کوردی ئێرانی دەزانم و ئامادە نیم بستێک لە خاکی وڵاتەکەم لەتوکوت بکرێ. بەڵام کاتێک کەسێک ئامانجیکی دیکەی هەیە، تۆ هەرچەند هەول بدەی وێنای تۆ ببینی، نایبینی، تەنانەت بە چاوی کراوەوە! هەربۆیەش، لەگەڵ پێداگریم بۆ ژێرنووس کردنی فیلمی نیوەی مانگ بە زمانی فارسی، بە شێوەی تایبەتی و بۆ نیشاندان بە کۆمەڵێ لە کارناسان و رەخنەگرانی بواری سینەما، دژایەتی دەکرێ، بەڵام لە هەمانکاتدا لە ئەنجامی دەسپێشخەریەکی سەیروسەمەرەدا ئیدارەی چاوەدێری بە بێ ئیزنی خۆم وەک دەرهێنەر و خاوەنی بێ ئەملاوئەولای فیلمی نیوەی مانگ، بە بێ ژێر نووسی فارسی و بۆ کۆمەڵێکی سی کەسی، کە کوردیش نازانن، بە شێوەی تایبەتی نمایش دەکری و یەکێک لە بەرپرسان، بەدرۆ باسی ناوەرۆکی فیلمەکەیان بۆ دەکا و وتوێژەکانیان بۆ وەردەگێرێتەوە. وەرگێرانێکی لارێیانە لە بابەت ئەوەی کە لەم شوێنەدا باس لە جیاییخوازی دەکرێ. لە فڵان شوێن باسی مێژووی سەرکەوتنی فڵان رێبەری کورد دەکرێ. و... بەراستی لە بنەوە چ دەکرێ کە ئیزنی پیشاندانی فیلمەکانم ئاوایان لێدێ؟ سەیر ئەوەیە رۆژنامەیەک کە هیچ دەنگێک جگە لە دەنگی خۆی قبوڵ ناکا، راپۆرتێکی دوورودرێژ بە دژی من بڵاو دەکاتەوە کە تووڕەیی رەوتیکی تایبەت لەوە پیشان دەدا  کە ناوم لە ناو ناوی ئەو سەت دەرهێنەرە دایە کە بنکەی چاپەمەنی "تاشن" چاپی کردووە. بەڵام تەنانەت ئەو تووڕەییەش بیانوویەکە بۆ پەرەپێدان بە باسی جیایخوازی من. ئەندامی شورای جاوەدیری جێگرایەتی بەشی سینەما، کە بۆخۆی- بە رواڵەت- دەرهێنەرە، یەکێک لەو کەسانەیە کە لەو راپۆرتەدا وتویژی پێدەکرێ و بە مەبەستی روخاندنی من لە لای بیرورای گشتی، کۆمەڵە شتێک بۆ خەڵکی ناشارەزا دەڵێ.

ئایا بەراستی هەلسوکەوتی ئەو ئەندامەی شورای چاوەدیری جیاییخوازیە یان هەلومەرجی بە بی هەلبژاردنی من وەکوو کوردیکی ئێرانی؟ روونە کە کۆمەڵە هەوڵێک بۆ لابردنی فیلمسازە سەرکەوتووەکان دەدری تا رێگە بۆ فیلمچێکەرە هەڵبژاردەکان خۆش بکرێ. بەڵام ئەو بەریزانە ئەوەندە نازانن کە هونەرمەندان بە ویست و خواستی کەسانیتر ناچنە نێو ئەم گۆرەپانەوە کە ئێستا من بە خواست و گوشاری ئەوان واز لەو رێگایە بێنم. وەکوو فیلمسازێکی کوردی ئێرانی و ناسراوی نێونەتەوەیی، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین مانگە پێشگیریان لە کارەکانم کردووە، تا ئێستا بێدەنگ

بووم و ئەو بێدەنگیە بۆتە هۆی ئەوە کە ئەوان هەست بە دەسەڵاتێکی زیاتر بکەن. بەڵام ئێستا هەموو لایەک ئاگادار دەکەمەوە کە بە پیی یاسای بنەرەتی، هیج کەس و ریکخراو و بنکەیەک بۆی نییە بەرگری لە تێکۆشانی بواری فیلمسازیمدا بکا. هەموو دامودەزگای جیگرایەتی سینەما، بە بوونی ئێمەی فیلمسازەوە پێکهاتووە و بوون و مانی بە کار و تێکۆشانی ئێمەوە بەستراوەتەوە نەک بە پێچەوانە. بەڵام ئێستا ئەوانەی کە دەبێ خزمەتی ئیمە بکەن و بنکەیەک کە لە بنەرەتدا ئەرکی خزمەت بە هونەر و هونەرمەند و ریگەخۆشکردن بۆ کاروباری ئێمەومانانە، دەیانەوێ ئێمە خزمەت بە بیروڕای ئەوان بکەین، چونکە تاوانم تەنیا کورد بوونە. بەوپێیە رستەی راگەیەندراوی وتەبێژی جێگرایەتی بواری سینەما تەواو راستە کە " بەهۆکاری جۆراوجۆری یاسایی، بەرهەمهێنانی هیج فیلمێکی بەهمەنی قوبادی، لە چوارچێوەی کاری ئیدارەی چاوەدێریدا نییە."

من لە بیرم ناچێتەوە و مێژووش لە بیری ناچێتەوە و ئێوەش لە بیرتان بێ؛ کات دادوەرێکی گەورەیە و مێژووی ئەم وڵاتە و سینەماکەی بڕیار دەدەن کە چ کۆششێکی بێبنەماتان دەسپێکردووە تا بیروڕای ئێمە هونەرمەندان بەرەو شتێک راکێشن کە خۆتان پێتان راستە. ئەزموونی سی ساڵ سینەمای دوای شۆرش هێشتا ئەوەندە لێمان دوور نەبۆتەوە تا لە بیرمان چووبێتەوە کە بە زۆر و بە دەسەڵاتێک کە تەنیا ماوەیەکی کورت دەوام دێنێ، ناتوانن من و هیچ هونەرمەندێکی دیکە بخەنە ژێر رکێفی بۆچوونی خۆتانەوە. ئێستا وەکوو فیلمسازێک ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەگەر ئیدارەی چاوەدێری لە وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی ئێران بە زوترین کات ئیزنی چێکردنی فیلمە تازەکەم بۆ دەرنەکا، بۆخۆم لە ناو شەقامەکانی تاراندا دەست بە فیلمهەڵگرتنی دەکەم تا بێن و دامودەزگای فیلمهەڵگرتنەوەم لێ بپێچنەوە، با بزانم ئەمجارە بە پێی کام بەندی یاسای دەسکردی خۆتان، دەستی کامێراکەم دەشکێنن و چاوی فیلمەکەم کوێر دەکەن؟
وەرگێرانی تاهیر قاسمی
تێبینی وەرگێڕ؛ وەرگێڕانی ئەو بابەتە بە مانای تەئیدی بۆچوونە سیاسیەکانی بەرێز قوبادی سەبارەت بە مەسەلەی گەلی کورد لە ئێراندا نییە و تەنیا بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی ئەو هونەرمەندە گەورەیە بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لە قاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر چالاکی هونەمەندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەرگێڕدراوە.